حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی ڕاپەڕین
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی

حكومة أقليم كردستان-العراق
رئاسةمجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
رئاسة جامعة رابرين
مديرية الشؤون القانونية

University of Raparin / Presidency of Raparin University
**Directorate of Legal Affairs**

ژمارە: ٧ / ٥٢ / ٢٢٧١ بەروار: ٢٧-٥-٢٠١٩

## بانگەواز

**جۆر : وەرگرتنی دەرخستە(اسلوب طلب عروض الاسعار)**

**دابینکردن وچەسپاندنی نێتۆرك وکامیرای چاودێری وپەنجەمۆر**

سەرۆکایەتی زانکۆی ڕاپەڕین/ بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی/ هۆبەی گرێبەستە گشتیەکان ئاگاداری گشت کۆمپانیا (ناوخۆ، بیانی)ەکان دەکاتەوە کە خاوەن مۆڵەتی کارکردنن لەم بوارە کە تەندەری ناوبراوی سەرەوە هەیە بۆ جێبەجێکردن، کەخۆی دەبینێتەوە لە دوو باڵە خانە، بەڵەخانەی سەرۆکایەتی زانکۆ کە لە چوار نهۆم پێکهاتووە، بۆ ئەو باڵەخانەیە تەنها نێتۆرك(کەپێك دێت لە ڕاکێشانی کێبڵی فایبەر لە بەدالەی باڵەخانەکە بۆ سەرجەم ڕاکەکان کە لە هەر نهۆمێک چەند ڕاکێک هەیە، لەگەڵ دانانی ئامێری وای فای بۆ سەرجەم نهۆمەکان وکامێرەی چاودێری بۆ هەموو شوێنە پێویستەکانی نهۆمەکان جێ بەجێ دەکرێت). وە بۆ باڵەخانەی کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەکان کەپێکهاتووە لە سێ نهۆم، نێتۆرك(کەپێك دێت لە ڕاکێشانی کێبڵی فایبەر لە بەدالەی باڵەخانەکە بۆ سەرجەم ڕاکەکان، لەگەڵ دانانی ئامێری وای فای بۆ سەرجەم نهۆمەکان وە کامێرەی چادوێری بۆ مەمەڕ وهۆڵەکانی خوێندن ولەگەل ئامێری وەرگرتنی پەنجەمۆر بۆ سەرجەم هۆڵەکانی خوێندن، کە پێك هاتووە لە(٣٦) هۆڵی خوێندن، جگە لە بەستنەوەی باڵەخانەکان لەڕێگەی کەیبڵی فایبەرەوە بەیەکتری .

پێویستە بەڵێندەر ئەو مەرج و ڕێنمایانەی خوارەوە تێدابێت وجێ بەجێیان بکات:

١. سەرجەم بەشەکانی پرۆژەکە جێ بەجێ بکات.
٢. جۆر و نرخی ئەو ئامێر و کەل وپەلانە دیاریبکات کە پرۆژەکەی پێ ئەنجام دەدات لە پرۆپۆزەڵەکەیدا.
٣. ئامادە بێت بەکردنەوەی خولی تایبەت بۆ فەرمانبەرانی زانکۆمان، لەدوای جێبەجێ کردنی پرۆژەکە.
٤. ئەو بەڵێندەرەی پرۆژەکەی پێدەسپێردرێت گرێبەست ئەنجام بدات لەگەڵ زانکۆمان.
٥. ئەو بەڵێندەری پرۆژەکەی پێدەسپێردرێت بارمتەی یاسایی بە ڕێژەی (١٠%)ی گوژمەی گرێبەست بهێنێت بەشێوەی (خطاب الضمان) پێشکەشی بەڕێوەبەرایەتی یاسایی زانکۆمان بکات.
٦.پیدانی پێشینە بەپێی ڕاپۆرتی لیژنەی سەرپەرشتیار دەبێت.
٧.ئەو بەڵێندەری پرۆژەکەی پێدەسپێردرێت لەماوەی دوو مانگ پرۆژەکە جێ بەجێ بکات.

سەرۆکایەتی زانکۆی ڕاپەرین
دەرچوو

٨. بەیەکەوە بەستنی سەرجەم باڵەخانەکانی زانکۆمان (کە پێکهاتوون لە حەوت باڵەخانە) کە تێکڕای دوری نێوانیان نزیکەی (١٣٠٠ م.) لەڕێگەی کێبڵی فایبەر ئۆپتیك.

٩. پێویستە لەسەر کۆمپانیای ئارەزومەند بۆ بەشداریکردن پرۆپۆزەڵەکەی(دەرخستەکەی) تاکو بەرواری (١٠-٦-٢٠١٩) پێشکەشی بەڕێوەبەرایەتی ئایتی زانکۆمان بکات، بە بەریدی دەستی یاخود بۆ ئەم ئیمیلە(it@uor.edu.krd).

لەگەڵ ڕێزدا...

پ.ی.د موفق خالد ابراهیم

سەرۆکی زانکۆ

**وێنەیەك بۆ :**

- ✓ نوسینگەی بەڕێز سەرۆکی زانکۆ/بۆ ئاگاداریتان.
- ✓ نوسینگەی بەڕێز یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری کارگێڕی و دارایی/ بۆ ئاگاداریتان.
- ✓ نوسینگەی بەڕێز یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی و خوێندنی باڵا/ بۆ ئاگاداریتان.
- ✓ نوسینگەی بەڕێز یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری خوێندکاران/ بۆ ئاگاداریتان.
- ✓ بەڕێوەبەرایەتیەکانی زانکۆ(خۆیەتی، دارایی، وردبینی) بۆ ئاگاداری وکاری پێویست.
- ✓ سکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکانی زانکۆی ڕاپەرین/ بۆ ئاگاداریتان و کاری پێویست.
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیەکان/ بۆ ئاگاداریتان و بڵاوکردنەوەی لە سایتی زانکۆ/لەگەڵ ڕێزدا.....
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی/ هۆبەی گرێبەستە گشتیەکان / بۆ پاراستنی و هەڵواسینی لە تابلۆی ئاگادارییەکان و بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی ڕۆژانە
- ✓ دەرچوو.